www.kurdistannet.org
20-10-2006 10:44بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# ڕۆژو و کاریگەریتی لەسەر کەسێتی موسلمانانی بەرەگەز سوید ... ئا: کەمال رەووف.. سوید

gashbin@hotmail. com

هەرکاتێک ئادەمیزادلەروانگەی بیروبۆچونی خۆیەوەگەیشتەئەوبروایەی کەموسلمانێتی خۆی رابگەیەنێت ئەودەمە بیروباوەڕەکەی کۆمەلێک ئەرک ومافی بۆ دیاری دەکات، وەک زانراویشە یەک لەئەرکەکانی موسلمان بەڕۆژوبوونی مانگی ڕەمەزانە. لێرەوە تیشکێک دەخەینە سەر ژیانی ئاسای تاکێک لەئەوروپا یان باشترە بلێم لە سوید، زۆرینەی تاکەکانی کۆمەلگەی سویدی ڕۆژانە هەشت کاتژمێر کاردەکەن وبێجگە لەکاتژمێرونیوێک زیاتر یان کەمتر بۆخۆئامادەکردن و گەیشتنە سەرکار. لەڕویەکی ترەوە هاوڵاتی سویدی زۆر گرنگی بەخواردنەوەی ئاودەدەن زوو زوو وەهۆگربوونیان زۆرە بە خواردنەوەی قاوەوە. ئەوە جگە لە نیوەژەمەکان وژەمەسەرەکیەکان. هەروەها زۆرگرنگی دانیان بەئەنجامدانی وەرزش هەر لەرۆیشتنی زۆرەوە تا پایسکیل سواری وراکردن وچەندین وەرزشی جۆراو جۆری تری ڕۆژانە. هەموو ئەمانە پێویستی بەوزەیەکی زۆر هەیە ولەبەرامبەریاندا داخوازی حەوانەوە و ژەمەخۆراکی باشی دەوێت، بەکورتی هەلومەرجەکان بەگشتی لەبارن بۆ زوو زوو دەستە بەرکردنی پێوویستی وخواستە هەمەجۆرەکانیان، ئەم کۆمەڵە ئەرکەو چەندین لایەن ورەهەندی تر کە ڕۆژوو ئەی خوازێت وایکردووە کەتاکێکی سویدی ڕۆژوو بەکارێکی قورس وگران بزانێت، هەر بۆیە کەسێکی وەک (محەمەد کەنوت) سەفیری پێشووی سوید لە مەغریب دوای توێژینەوەو بەدواداچوونی بۆ ئیسلام ووتی: ئامادەم ئێستا موسڵمانبم بەڵام پێویستمە تەنها هەنگاوێک ماوە لەبەردەمم دا تا دلنیابم ئەتوانم لەوەشدا سەرکەوتوبم ئەو کاتە موسلمان بوونی خۆم ڕادەگەیەنم ئەویش بەڕۆژووبوونی مانگی ڕەمەزانە پاشان سەرکەوتووانە موسلمانێتی خۆی ڕاگەیاند.

ئەم ساڵیش وەک ساڵانی ڕابووردوو سیمای ڕەمەزان بەباشی بەدی دەکرێت هەر لەئاوەدانی مزگەوتەکان بەنوێژەکان ونوێژی هەینی ونوێژەکانی تراویح وخوانی بەربانگ بۆ ڕۆژوان.

هەروەها ڕاگەیاندنەکان لە بینراو و بیستراودا چەندین بەرنامەو هەواڵیان لەسەر ڕەمەزان بڵاوکردۆتەوە. دەتوانین بلێین زۆرینەی خەڵکی سویدی هەندێ زانیاری یان هەیە لەسەر ڕەمەزان، دەتوانین

هەروەها بەسوپاسەوە چەند موسلمانێکی بەرەگەز سویدی هەندێ پەیڤ وئاخاوتنی خۆیان سەبارەت بەڕەمەزان بەتایبەتی و هەندێ شتی گشتی پێشکەش بە ئێوە کرد.

ی ماکس دالستراند ناوی دوای موسلمان بوونی (عبد وسەلام) تەمەنی 36 ساڵەو ئەندازیاری بیناسازییەو خێزان دارەو لەستۆکهۆلم دادەنیشێ، 13 ساڵە موسلمان بووە ولەساڵی 2001 حەجی کردووە. لەوەڵامی چەند پرسیارێک دا ووتی: لەڕەمەزاندا زۆر هەولدەدەم نزیکبم لەقورئانەوە زۆر گرنگی یەکی زیاتر بەنوێژەکانم دەدەم وهەروەها سەردانی برایانی موسلمانم دەکەم.

کاتێک بەڕۆژوو دەبم هەست بەخۆشیەکی زۆر دەکەم وهەست بەنزیکیەکی زۆر دەکەم لەخوای خۆمەوە، ڕۆژوو کاریگەریەکی باشی هەیە لەسەر پاکردنەوەی نفس هەر بۆیە نەفس ودەروونم زۆر دامەزراو دەبێت وە ڕۆژوو وام لێ دەکات ببم بەکەسێکی باشترو بەسوود تر بۆ خۆم و کۆمەلگاکەم. لەوەڵامی کام ئایەت لەقورئان یان فەرموودەی پێغەمبەر زۆر کارت لێ دەکات ووتی: ئەو ئایەتانەی کەباسی تەوبە و لێخۆش بوونی خوای دەکەن و هەروەها ئایەتەکانی کەباسی قیامەت دەکات. وە ئەو فەرموودەیە پێغەمبەرمان کەدەفەرموێت: (کن فی الدنیا کانک غریب او عابر سبیل) زۆر کارم تێ دەکات.

لە کۆتایدا پرسیمان کام دوعا زۆر دووبارە دەکەیتەوە، لەوەڵامدا ووتی دوعای ناو سورەتی (فورقان) ئایەتی 74 کەدەفەموێت:

یخاتوو کارۆلین شویکردووە ودوو منداڵی هەیە دانیشتووی شاری یۆتۆبۆریە و قوتابی دواقۆناغی کولیژی یاسایە لە زانکوی شالمەرش لە یۆتۆبۆری هەروەها خوشکێک ودایکی موسلمانن ودایکی تەمەنی 65 ساڵە وئەم ساڵیش بەڕۆژووە. کارۆلین نۆ ڕەمەزانە بەڕۆژوو دەبێت مانگی دووی ساڵی 1997 یەکەم ڕەمەزان بووە کە بە ڕۆژووبووە، وە بۆچوونی وایە کەخەڵکی سویدی زۆریان دەزانن مانگی ڕەمەزان هەیەو زۆر بەلایانەوە زەحمەتە.

من کەبەڕۆژوو دەبم زۆر لەبیری خوای خۆم دا دەبم وبیردەکەمەوە زیاتر ئاگام لەخۆم بێت وڕۆژووەکەم لەدەست نەچێ و زۆر گرنگی بەنوێژەکانم دەدەم زیاتر لە جاران. سەبارەت بە پرسیاری پلەو بایەی ئافرەت لەئیسلام دا و سنوری ئازادیەکانی ئافرەتی موسلمان لەوەڵام دا ووتی: من بروام وایە ئافرەت لەئیسلام دا زۆر بەڕێزە و وە حوریەت وئازادیمان لە ئیسلام دا حوریەتێکی پڕ لە ئیجابیە و بەسوودە وبەدڵنیایەوە ئەتوانین پەیرەوی بکەین واتە ئەزانین هەموو هەڵسوکەوتێکمان گەورە یان بچووک دەرەنجامەکەی چ ئاراستەیەک وەردەگرێت باش یان خراپ، وەک ئەو گەنجانە نابین کە نازانن چۆن مامەڵەیەکی ڕاستی ئازادیەکانیان بکەن و بەدووربن لەو هەموو کەوتن و هەستانەوەیە، پاشان ئافرەتی موسلمان سەرەنجام خوا لەخۆی ڕازی دەکات و چاوەڕانی پاداشتی خوای یە. کۆتا پرسیارمان کام ئایەت لەقورئان زۆر کاریگەر بووە لەسەر تۆ لەوەڵام دا ووتی: ئایەتی 27 سورەتی لوقمان کە دەفەرمووێت:

ی دانیال ستریدس مان تەمەنی 28 ساڵەو ماجستێری هەیە لە ئابوری وئێستا لەقۆناغی سێ یەمی بەشی زمان سەرقالی فێربوونی زمانی عەرەبی وچەند زمانێکی ترە. خێزاندارەو دانیشتوی ستۆکهۆلمە، لەساڵی 2000 موسلمان بوونی خۆی ڕاگەیاندوە.

بەم جۆرە هاتە ئاخاوتن سەبارەت ڕەمەزان، مانگی ڕەمەزان زۆر پیرۆزە لام وە زۆر جیاوازترە لە 11 مانگەکەی تر، من هەست بەنزیکیەکی زۆر دەکەم لەگەڵ خوای خۆم ولە ڕەمەزان دا زۆر لە خزمەتی قورئان دا دەبم وەسەرقالم بەخوێندنەوە و لەبەرکردنی و تائێستا سێ جوزئم لەبەرکردووە پاشان تەفسیری سورەتەکە دەخوێنم لەگەل بە دوادا چوونی هۆی هاتنەخوارەوەو شارەزابوونی ڕێزمانی لەهەندێ ووشە و دەستەواژە. من بڕوام وایەکە بەڕۆژوو بوون سوپاس بژێریە بۆ خوا لەسەر ئەو هەموو نیعمەتانەی پێی بەخشیوین، هەروەها شەوانە دەچم بۆ تەراویح بۆ ئەوەی گیانی برایەتیمان بەهێزبێت. کەبەڕۆژوو دەبم هەست بەخۆشی دەکەم لەناو دڵ و ڕۆحم دا و نەک هەست بەبرسێتی مەعیدە ناکەم بەلکو هەست بەبرسێتی ڕۆحم دەکەم بۆیە حەزدەکەم عیبادەت زۆرتر بکەم...

ڕەمەزان وادەکات ئادەمیزادێکی باشتربم لە جاران وهەوڵی زۆرتر بدەم بۆ بەهێزکردنی ئیمانیات و عیلمم. سەبارەت بەسورەتەکانی قورئان ووتی هەرکاتێک خەریکی خوێندنەوەو فێربوونی هەر سورەتێک دەبم واهەست دەکەم ئەو سورەتە زۆر نزیکە لێمەوە، بەتایبەت سورەتی رەحمان زۆر چێژی لێ وەردەگرم چوونکە باسی ئەو بەهەشتە دەکات کە ئێمەی یەکەم جار لێوە هاتوین وئینشائەڵا بۆی دەچینەوە. ئەو فەرمودەیەی کە پێغەمبەرمان دەفەرمێت: جبریل لە شێوەی کەسێکدا هات و چەند پرسیارێکی کرد (ئیسلام، ئیمان وئیحسان) ... هند زۆر بەهێز و کاریگەرەلام. دانیال ئەو دوعایانەی کەلەقورئاندا هاتووە زۆر دەیکات بە تایبەت دوعای ئاسیا کەدەفەرموێت لە سورەتی تحریم ئایەتی 11 (رب ابن لی عندک بیتا فی الجنه) پاشان دانیال بەردەوام دەبێت ودەلێت: خوایە لەگەڵ ئەو کەسانەی کە لەم دنیا خۆشمان ویستون بچینە ناو ئەو ماڵ و بەهەشتەوە.

سەبارەت بەبەربانگی ئێوارانی ووتی پێشەکی بەخورما ڕۆژووەکەم دەشکێنم وپاشان دوعاکردن ونوێژ کردن و دواتر نان خواردن.

*کاک ئەحمەد موفتی مامۆستایەکی بەڕێزی کوردە و ڕۆلێکی باڵای هەیە لە بانگەوازی خوادا لە سوید و ماوەی سیانزەساڵە هەفتانە بۆ پیاوان وئافرەتان بەزمانی سویدی موحازەرات دەڵێتەوە وچەندین کەس لەسەر دەستی دا خوای گەورە هیدایەتی داون.